# وەزیری درۆی پێشووی عێراق، ئەلسەحاف خۆی لە سێدارە داوە!

**پەیامنێری کوردستان نێت/ سوێد ٢٠٠٣/٤/١٦**



Foto: AP

بە پێی ڕۆژنامەی ئێکسپرێزنی سوێدی: وەزیری پێشووی عێراق، کە بەهۆی درۆکانییەوە لە قۆناغی شەڕدا بوو بە بەناوبانگترین و دیارترین دەموچاوی سەرانی بەعس، خۆی هەڵواسیووە.

دوا قسەی سەحاف، یان ڕاستتر وایە بوتری دوا درۆی ئەو لە دوایین پرێس کۆنفرانس دا کە زۆر بە کورتی دەرکەوت و ئیدی دوای ئەوە ون بوو وتی:

**( هەموو شتێ لە ژێر کۆنترۆڵدایە، کەرەکێوییەکان و خوێنمژان - بەریتانییەکان و ئەمریکییەکان- لە دەوروبەری بەغداد دا خۆیان دەکوژن. هێزەکانمان بێرەحمانە هێرشیان دەکەنە سەر.) !!!**

دوای گەورەترین درۆ، ئیدی ئەلسەحاف وون بوو، سەیریش ئەوەیە ناوی لەناو لیستە ٥٢ کەسەکەی ئەمریکا بۆ سەرانی بەعس نەهاتبوو، پێ دەچێ هەر هەمان ڕۆژ بە خۆکوشتنی زانرا بێت.

سەحاف، بڵندگۆی تاوانکاران، بە دەستی خۆی خۆی لە سێدارە دا، ئەمە دوارۆژی ئەو کەسەنەیە کە هەزاران مرۆڤی ئازاد یخوازیان لە ژیان دابڕی و لەسێدارە دا.

شایانی وتنە کە سەحافی درۆزن، هەوڵی ڕاکردنی دابوو، دیارە بۆی جێبەجێ نەبووە. بە جلی ژنانەوە وێنەیەکی بلاوکرایەوە لە کاتی ڕاکردنیدا کە ئەمەی خوارەوەیە:



Tahar Abed Al-Adim / AP